## بیردۆزی پێداویستیەکانی هنری مۆرای

1. مۆرای لە شاری نیۆیۆرك لە ساڵی 1893 لە دایكبووە، بە كار سازیو زیرەكی لە ژیاننا سی (علم الحیاه)و هەڵسوكەوتی ئیكلینیكیو دەروونزانیی ئەكادیمیدا ناوبانگی دەركرد.
2. مۆرای زاراوەی كە سایەتی نا سی (علم الـ شخ صیه)ی هێنایە ناو هەموو ئاڵۆزییەكانی تاكەوە، چونكە بە بەردەوامی جەختی لە سەر سرووشتی ئۆرگانیكی (زیندوو)ی رەفتار دەكردەوە، بەوەی ناكرێت لە بەشێك بە تەنها تێبگەیت، دوور لەو كەسانەی دیكە كە پێی هەڵدەستنو ئەنجامی دەدەن.
3. سوورە لە سەر ئەوەی كە پێوی ستە تێگەیـ شتنو شیكردنەوەی ناوەڕۆكی ژینگەیی رەفتار تەواوكاری بۆ بكرێت، پێش ئەوەی گەیـ شتن بە شرۆڤەكردنی گونجاوی رەفتاری تاك لە تواناداببێت، هەر بۆیە كۆمەڵە چەمكێكی توندوتۆڵی بە مەبەستی دەرخستنی ئەو هێزە ژینگەییانە دەستنیشان كرد.
4. مۆرای لە قوتابخانەی دەروونشیكاری بەشداربوو لە بایەخدان بە رابردووی تاكو لەو گریمانەیەی كە دەڵێت ئەو رووداوانەی لە سەرەتای ژیانو منداڵێتیدا روودەدەن بە دیاریكراوە یەكلاییكەرەوەكانی رەفتاری كە سی پێگەیـ شتوو دادەنرێن. هەروەها لە بایەخی پاڵنەرە نە ستییەكانیش بە شداری دەكات، ئەمەو زێدەباری بایەخدانی بە ئێستای تاكو ژینگەكەیو راپۆرتە زارەكییە خودی، یان ئازاد كە لە خەیاڵدانیدا جێگیر بووە.
5. بیردۆزەكەی مۆرای بە چارەسەركردنی توندو وردی پاڵنەرێتی ناسراوە، هەروەها لە جەختكردنەوەی بەوەی ئەو كردارە ڤ سیۆلۆژیانەی لەگەڵ هەموو كردارە دەروونییەكاندا سەرهەڵدەدەن، لەو كاتەدا لەگەڵیدانو لە رووی ئەركدارییەوە پەیوەستن پێیەوە.

**بونیادنانی كەسایەتی لای مۆرای:**

1. بیروبۆ چوونی مۆرای بە شێوەیەكی زۆر كاریگەر كەوتە ژێر كاریگەریی بیردۆزی دەروون شیكارییەوە، كە چی لە زۆر لایەنیدا بە روونو رەوانی دەنا سرێتەوە، وەك ئەوەی لە تێڕوانینی فرۆیدی نەریتیو كۆندا هەیە.
2. پێناسەی كەسایەتی: كەسایەتی ئەو دەزگا زاڵەی سەر جەستەیەو ئەو دامەزراوەیەشە كە بە بەردەوامیو بێ راوەستان هەر لە سەرەتای لە دایكبوونەوە كار دەكات تاكو مردن لە كرداری گۆڕینی ئەركداریدا.
3. كە سایەتی لە رووی بایۆلۆژیـ شەوە بەوە پێنا سە دەكرێت كە ئەندامی باڵادە ستو زاڵ، یان دەزگای رێكخستنی سەرەوەی جەستەیە، بەمەش لە مێشكدا جێگیر دەبێت، بە جۆرێك كە بە بێ بوونی مێشك هیچ كەسایەتییەك بوونی نابێت.
4. مۆرای بایەخێكی بێئەندازەو لە رادەبەدەری بە تواناو ئەنجامدانی كار داوە، ئەو دوو خەسڵەتەیشی وەكو بە شێكی گرنگی كە سایەتی داناوە، بەمەش ئەوە روونبێتەوە كە هەڵ سەنگاندنی تاك لای مۆرای لە بوارە جیاوازو هەمەجۆرەكاندا لە تواناو ئەنجامدانی كاردا دەردەكەوێت: جە ستەییو میكانیكیو سەركردایەتیو كۆمەڵایەتیو ئابووریو هزریو..تاد.

5. مۆرای هەندێك زاراوەی لە قوتابخانەی دەروونشیکاری وەرگرت لە کاتی خستنەڕووی بونیادی کەسایەتی لەگەڵ هێنانە ناوەوەی هەندێك هۆکاری تایبەتو جیاواز لە پەرەپێدانی ئەو چەمکانە.

* ئەو (الهو) لەمەیاندا لەگەڵ فرۆید هاوڕایە، بەوەی کۆگایەکە بۆ وزەو توانا پاڵنەرەکان، چونکە ئە سڵی وزەو سەر چاوەی هەموو پاڵنەرە سروو شتییەکان (فطرية)کان لەوێدان، هەروەها کە سە چاوکراوەو خۆبەخ شە کۆمەڵایەتییەکانیش. ئەوەی شی دەخاتە سەر کە هەندێك وزەی دیکەش لە خودو کۆمەڵگەشەوە پەسەند دەکات، چونکە ئەو (الهو) لای مۆرای بە تەواوی شەڕانیو دژی کۆمەڵگە نییە.

* من (الانا): وای دادەنێت کە هاو شێوەی کارمەندی ناوەندیی ڕێکخ ستنو تەواوکاریی ڕەفتارە. مۆرای ئەوە شی دەخاتە سەر کە من (الانا) ڕێکخەرە، واتە هاندەری دەربڕینە دەربارەی چەند پاڵێکی (دفعات) دیاریکراو لە ئەو (الهو)و نەخ شەکارییەکان دادەنێتو بە سەر ئەو ڕێگایانە شدا زاڵ دەبێت کە دەبێ پاڵنەرەکانی دیکە پێی دەربکەون. پێی شی وایە کە هێزو کاراییی من (الانا) دیاریکەرێکی گرنگی گونجانی تاکە.

* منی باڵا (الانا الاعلى): وەك ئەوەی لە قوتابخانەی دەروونشیکاریدا هەیە، بریتییە لە چاندنی شارستانی کە باوان (باوكو دایك) باشترین نوێنەرایەتی دەکەن. ئەوەیشی بۆ زیاد دەکات کە کۆمەڵە خزمو کەسە نزیکەکانو کەسایەتییە گرنگەکانو ئەدەبیو ئەفسووناوییەکان ڕۆڵیان لە منی باڵادا هەیەو تێکڕای ئەم سەرچاوانەش بەو پێیەی سەرچاوەی پاداشتو سزان بەپێی ئاستی ڕێککەوتنی کرداری تاك لەگەڵ ئەو پێوەرانەدا لە کاری بەردەوامدان.

منی نموونەیی (الانا المثالي) پەیوە ستگیرییەکی پتەوی لەگەڵ منی باڵادا هەیە، بەپێی تێگەیشتنی مۆرای، هەروەها پێیوایە کە بە تەواویش لێی جوودا دەبێتەوە، مۆرای منی باڵای بە منی نموونەیی بە ستەوە کە دە ستەبەری ئاستی گۆڕانکارییەکانو پەرە سەندنی ساڵانی داهاتووی منداڵێتی دەکات، زیاتر لە دە ستەبەری تێڕوانینی دەروونشیکاریی نەریتیو کۆن.

## دینامیکییەکانی کەسایەتی:

1. جەخت لە سەر تێکۆ شانی مرۆڤ و هەوڵو کۆ ششو ئارەزوو و خوا ستو ئیرادەی دەکاتەوە، بەمەش جەخت لە سەر کرداری پاڵنەرێتیو خولیاو ئەندێ شە ئارا ستەکارەکانی مرۆڤ دەکاتەوە کە کلیلی تێگەیشتنە بۆ ڕەفتاری مرۆیی.

2. مۆرای سوورە لە سەر بۆ چوونی خۆی پێ چەوانەی زانا دەروونزانەکانیتر، بەوەی تێگەیشتنی گونجاوی پاڵنەرێتیی مرۆیی پێوی ستە پ شت بە سی ستەمێك ببە ستێت کە ژمارەیەکی گەورەو تەواوی گۆڕانکارییەکان بەکاردەهێنێت، تاکو ڕەنگدانەوەی ئەو ئاڵۆزییە زۆروزەبەندەی پاڵنەرێتی مرۆیی بێت لە وێنا خاوەکەی.

3. بۆ تێگەیـ شتن لە بیردۆزی مۆرای دەربارەی پاڵنەرێتی، زۆر پێویـ ستە لە پێنا سەی هەر یەك لە پێداویـ ستیو پاڵەپە ستۆو کەمکردنەوەو سووککردنی بارگرژیو بابەتو تەواوکاریی پێویـ ستیو یەکەی بابەتو سەروەرێتیو بەهاو ئاراستەکراو.

4. پێداویـ ستی: پێکهاتەیەك، یان پێکهاتەی گریمانەیەکەو هێزێکە لە ناو چەیەکی مێـ شکدایە، هێزێکە درپێکردنو تێگەیشتنو هۆشمەندیو خولیاو ئەندێشەو کرداریش رێك دەخات، بە جۆرێك کە هەڵوێستی باو و بارگەنەبوو بە ئاراستەیەکی دیاریکراو دەگۆڕێت.

5. پێداویـ ستییەکانی بە دوو رێگە دەورووژێندرێن ناوەکیو دەرەکی، لە هەردوو حاڵەتەکە شدا پێداویـ ستی دەبێتە چالاکییەك لە تەنیـ شت بونەوەرەکەوەو ئەو چالاکییەش بەردەوام دەبێت تاکو هەڵوێـ ستی بوونەوەرەکە، یان ژینگەکە دەگۆڕێت ئەو کاتەی پێداویستییەکە کەم دەبێتەوە.

6. پێیوایە کە دەکرێت بەڵگەداری لەسەر بوونی پێداویستی بکرێت لە سەر بنەمای: کاریگەریی رەفتار، یان ئەنجامی کۆتاییو شێواز، یان رێبازی تایبەتی رەفتاری شاراوەو ئاگایی دە ستەبژێریو دەربڕین بە هۆی هەڵچوون، یان ویژدانو دەربڕینی تێربوون.

7. مۆرای ژمارەیەك پێداویستیی دەستنیشان کرد، وەکو:

خۆلادان لە ئازار، زاڵبوون، گوێڕایەڵی، سەربەخۆیی خودی، پاڵنەرێتی، شەڕانگێزی، تەواوکردنی کار، وابە ستەیی، سۆزو بەزەیی لە سەر ئەوانیتر، هە ستەوەری، رەگەز، یاری، سیستەم، ئەویتر، رق لێبوونەوە، خۆلادان لە ریسوایی بوون تێگەیشتن.

8. هەروەها شێوازی پێداویستییەکانیشی بەم جۆرە دەستنیشان کرد:

* پێداویستییە سەرەتاییەکانو لاوەکییەکان
* پێداویستییە ئاشکراکانو شاراوەکان.
* پێداویستییە گۆکراوەکانو بلاوەکان.
* پێداویستییەکانی ئەنجامدانی کار.
* پێداویستییەکانی سوود.
* پێداویستییەکانی کاملبوون.

9. مۆرای دەڵێت پێداویـ ستییەکان هیـ چیان بە شێوەیەکی گۆ شەگیری تەواو لەوەی تریان کار ناکەنو رایـ شی وایە کە پلەبەندییەکی دیاریکراوی پێداویـ ستییەکان هەیە، تیایدا خولیاو ئەندێـ شە دیاریکراوەکان پێشدەستی (اسبقیە) لەسەر ئەوانیتر وەردەگرن، بە جۆرێك کە چەمکی پێشینەیی هێز بەکاردەهێنێت بۆ بەڵگە لە سەر ئەو پێداویستییانەی دەبنە باو.

10-پاڵەپە ستۆ لای مۆرای خە سڵەتێکە، یان تایبەتمەندییەکە بۆ بابەتێکی ژینگەیی، یان بۆ کە سێك بۆ گەیـ شتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، چەندین لیـ ستی جیاوازو زۆر پاڵەپە ستۆی پێـ شکەش کرد کە لەوانەیە تاك بەریان بکەوێت، وەکو:

* پاڵەپەستۆی کەمی لایەنگیری خێزانی.
* پاڵەپەستۆی مەترسیو کارەساتەکان.
* پاڵەپەستۆی کەمبوون، یان ونبوون.
* پاڵەپەستۆی دەستگیرکردن، بابەتە پێوەندەکان.
* پاڵەپەستۆی دوورخستنەوەو بایەخ نەدانو رق لێبوونەوە.
* پاڵەپەستۆی رقەکاریو هاوتاو کەسە نزیکە ململانێکارەکان.
* پاڵەپەستۆی لەدایکبوونی براکان.
* پاڵەپەستۆی زاڵبوونو زۆرداریو قەدەغەکردن.
* پاڵەپەستۆی سۆزداری لەسەر ئەوانیتر.
* پاڵەپەستۆی گوێڕایەڵیو ستایشو رێز.
* پاڵەپەستۆی وابەستەبوونو هاورێیەتی.
* پاڵەپەستۆی رەگەز.
* پاڵەپەستۆی فێڵبازانەو فریودەرانە.
* پاڵەپەستۆی خۆبەکەمزانین .

11-جیاوازی لە نێوان دوو جۆری پاڵەپەستۆی پەیوەست بەم بابەتە ژینگەییانەی خوارەوەی کرد:

* پاڵەپەستۆی بیتا: بەڵگەی بابەتە ژینگەییەکان بەپێی درکپێکردنی تاك.
* پاڵەپەستۆی ئەلفا: تایبەتمەندییەکانی ئەو بابەتانە وەکو چۆن لە واقیعدا هەن.

12-مۆرای زاراوەی (بارگەی هەڵچوونی) فرۆیدی گرتەخۆی، ئەوەش وەکو بەڵگەیەك لە سەر توانای بابەتێکی ژینگەیی بۆ راکێشانی تاك، یان دوورخستنەوەی کاتێك سەرنجی تاك رادەکێشرێت، یان حەز لە بابەتێکی دیاریکراو دەکات، چونکە بارگاوییەکە لێرەدا (الـ شحنە) ئەرێنییە، بەڵام ئەگەر بابەتەکە رق لێبوونەوەی بورووژاندبوایە، ئەو کاتە بارگاوییەکە نەرێنی دەبوو.

**گەشەی کەسایەتی:**

1. مۆرای بە رەهەندی نێوە کەوتە ژێر کاریگەریی چەمکی دەروونـ شیکارییەوە، ئەوەش لە کاتی بەکارهێنانی ئەم چەمکانە، کە لەوانەیە ئەمانە گرنگەکانیان بن:
2. پێکهاتە منداڵییەکان: (المرکبات الطفلیة): پێنج حاڵەت، یان چالاکیی زۆر خۆش هەنو هەر یەکێکیـ شیان کۆتاییان دێت، یان شکست دەخۆن، یاخود لە خاڵێکی دیاریکراو لە گەشەسەندن بە هۆی هێزی دەرەکییەوە رادەوەستن.

* بوونی ئاسایشی نەرێنی پشتبەستوو لە ناو منداڵدانو بە لەدایکبوون کۆتایی دێت.

* چێژوەرگرتنی هەستەوەری بە هەڵمژینی خۆراکی باش لە سینگی دایکەوە بە ئاسوودەییو پشتبەستن بە نێوان باسکەکانیو بە لێکردنەوەی لە شیر کۆتایی دێت.
* چێژوەرگرتنی بێ کۆتوبەند بە هەستەوەرە خۆشەکان.
* هەستکردنی خۆش کە لەگەڵ میزکردندا دێت.
* ورووژاندنە دڵرفێنو سەرنجڕاکێشەکان کە دەست گەمە بە ئەندامانی زاوزێ دەیبەخشێت، هەرەشە دەرەکییەکانیش بە سزادان ڕێگەی لێ دەگرنو قەدەغەی دەکەن.

3. هەروەها مۆرای زێدەباری ئەوەی پێشکەشی کرد، پێنج پێکهاتەی دیکەی شی پێشکەش کردو تایبەتمەندیی گشتیشی پێشکەش کردن، لەوانەش:

(الا صومعی، دەمی، شەرجی، میزکردن، الخ صائی) هەر پێنجیان یەکێك لە پێنج بوارە خۆ شی بەخشەکەی سەرەوە دەستنیشان دەکەن.

4. مۆرای هەندێك هۆکاری دیکەی دەستنیشان کرد، کە ڕۆڵی گرنگیان لە گەشەسەندنی کەسایەتیدا هەیە لە روانگەی خۆیەوە، وەکو: ( داپڕیکراوە کۆمەڵایەتییە شارستانییەکان , تەنیایی , کردارە نەستییەکان (لاشعوری) , کرداری گەشەی کۆمەڵایەتی).

5. لە گرنگترین داهێنانەکانی مۆرای داهێنانی ئامرازی نوێی پێوانەکردنی کەسایەتی بوو کە بریتییە لە ئامرازی وا کە پابەندی گۆڕدراوەکانی وەڵامدانەوە نییە لای ئەوانەی دەپشکێندرێن (ألمفحو صین) بە بەکارهێنانی دەستەی پێشوەختە داپڕیکراو، بەڵکو بە لای ئەوەدا چوو کە ڕێگە بە خستنەڕووی تەواو و خودی بدرێت لە لایەن کەسی پێشکێنراوەوە.

6. مۆرای جیاوازی لە نێوان دوو شێوازی جیاوازو سەرەکیی خستن (الاسقاط) دا کرد.

* خستنی تەواوکاری: مەیلو ئارەزووی پشکێنراو لە درکپێکردنی ژینگەکەی، یان تێگەیشتنی بە ڕێگەیەك وا لێ بکات لەگەڵ پێداویستییە سۆزداریو پاڵنەرەکانی بگونجێت، یان پاساویان بۆ بهێنێتەوە.
* خستنێکی پاشکۆیانە: پشکێنەر ئەو بابەتانە، یان کەسەکان لە ژینگەدا ئەو خەسڵەتو سیفاتانە دادەماڵن کە هەیانە، کە بە زۆری بە لایەوە پەسەند نییە.